کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-5-2007 15:42

## دەنگێک شایانی گرنگی پێدانە (هۆگریانەت) لێ پیرۆز ... ئاری ئازاد

دەنگ یەکێکە لەو هەستە بزوێنەرەی کە زۆر بە ئاسانی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دروست دەکات چ جا ئەگەر ئەو دەنگە پڕی بێت لە هەست و تۆنێکی کاریگەر، هۆگر کەریم ئەو ناوە بوو کە لە بەرنامەی (کورد ستار) ی کەناڵی ئاسمانی کوردسات بە دیار کەوت تەنیا یەك ووشە بەسە بۆ هونەرەکەی ئەو گەنجە رۆح سووکە ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی بەرنامەکە مامۆستا مۆسیقیەکان دەیان ووت ئەو گۆرانیەی کە تۆ دەیڵێیت (هۆگریانە) یە بە راستی ئەمە نازناوێکی زۆر گەورەیە چونکە ئەو ناوە تەنیا لە مامۆستایانی پێشوو نراوە، لایەنێکی تری دەنگی هۆگر رەسەنایەتیە چونکە ئەو توانی زۆر لە گۆرانیە کۆنەکانی مامۆستایانی گۆرانی کوردی نوێ کردووە لە بەرنامەکە، ئەمەش شایانی رێز لێنانە لە هۆگر، ناکرێت ئەو دەنگە وا بە ئاسانی پەراوێز بخرێت بەڵکو دەبێت بە هاوکاری هەموو لایەك گرنگی پێبدرێت وەزارەتی رۆشنبیری دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە گرنگی پێدانی رێبازی (هۆگریانە) دەتوانێت بە ماددی و مەعنەوەی یارمەتی هۆگر بدات، ئەم هاورێ خۆشەویستەم باسی ئەوەی بۆ دەکردم کاتێك لە دوای بەرنامەکە کە بە شەقامەکانی شاری سلێمانی دەهاتم و دەچووم خەڵکی رێزێکی زۆر تایبەتیان لێ دەگرتم و دەستخۆشی کارەکانیان لێ دەکردم، دەست خۆش هۆگر بەردەوام بە لە رێبازی (هۆگریانەت) چونکە ئەمەش لە داهاتوو دەبێتە رێبازێکی میوزیکی کوردی تایبەت.

ـ هەولێر
ariazad999@yahoo. com
ariazad999@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.